بەرامبەر دەرەوەش، بچووک و بەردەست و نەزان، رادەگرێ. ئەگەنا، ئەگەر وانەبووایە، بۆچی دەبوو کوردێک کە ١٣ ساڵ، دوو دەوڵەتۆچکەی لە سێ ستانی بەرفراواندا هەبوو، پێوەندیی دیپلۆماسییانەی بە گەلێک دەوڵەتی گەورە و بچووکەوە هەبوو، بووجەی خۆی هەبوو، پۆلیس ودەزگەی ئاسایشی سەربەخۆی هەبوو، دەزگەی راگەیاندنی گشتیی مۆدێرنی هەبوو، چوار زانستگەی هەبوو، پاش ئەوەش، بەرێکەوت، بووبوو بە هاوپەیمانی ئەمریکا و بەریتانیا لە جەنگی خستنی سەددامدا، ئا ئەو کوردە، پێویستی بەوە هەبێ، لەباتی ئەوەی دەستبەجێ خۆی کۆبکاتەوە و خۆی یەکبخا و هەموو بەرژەوەندییەکی لاوەکی بخاتەلاوە و، سووت لەو دەرفەتە مەزنە وەربگرێ کە رەخساوە بۆی، یەکودووی لێنەکا، رابکاتە بەغدا و، بەکراسی بەری خۆیەوە، خۆی بکاتەوە هاوولاتی دەوڵەتێکی رووخاو، کە هەشتاساڵ لەوەبەر، بۆ نەمانی تێکۆشابێ، ئەوجا خۆی بگەیەنێتە رەوشێکی وا چرووک و پەرپووت و تەپوو، کە وەک حەمەی حاجی مەحموو گوتەنی "دەستی لە بن هەمانەکە هاتبێتە دەرەوە"؟؟؟

ئەم قسانەم قسەی ئەورۆم نین، سالانێکە ئەم قسانە دەکەم و هاوار دەکەم و، لە هەموو لایەکیشەوە دەبیسترێن، بەلام ناکەونە گۆڕەپانی کارەوە، ئەگەنا، هەر پاش رووخانی سەددام، لە رۆژنامەی "میدیا" و "کۆنگرە" و گەلێک دەزگەی راگەیاندنی گشتیدا، باسی ئەوەمکرد کە جەعفەری کابرایەکی سەر بە رژێمی ئێرانە و دژ بە کوردە و ژنبرای مەلا سیستانیی فارسە و، مەلا سیستانیش کابرایەکە وەک خومەینی. ئەو چەندی پێبوو بۆ کوردی رۆژهەلات، ئەمیش هەر هێندەی پێیە بۆ کوردی باشوور. راستی و دروستی ئەم وتانەش ، هەموو لەگەڵ رۆژگاردا کەوتنەروو. بەلام کاربەدەستانی کورد، کەوتنە پەسندان و هەڵدانی سیستانی، تەنانەت مام جەلال دەیگوت: "سیستانی نیعمەتێکە خوا ناردوویەتی بۆ عێراق" و هەموویان، دەستیاندایە دەست جەعفەری، کە ئەودەمە کابرایەکی نەناسراو، و پێش ئەوەش، پەنابەرێک بوو لە لەندەن، عەیادەیەکی بچووکی کەم بایەخی هەبوو، لە پاڵ ئەوەشدا، بازرگانیی بە فرۆشتنی گون و گورچیلەی مەرەوە دەکرد. کەچی ئەو جەعفەرییە بێدەسەلاتە، کە کرا بە "سەرۆکوەزیران"، بە یارمەتیی کورد، نەچوو بۆ پیرۆزبایی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان و، نەچوو بۆ پیرۆزبایی دەستنیشانکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش بەڵگەیەک بوو بۆ دوژمنایەتیی کورد و، دەبوو کورد هەر زوو دوور بکەونەوەلێی. ئەوجا، کە بەرۆژی نیوەرۆ، فێڵی لەدەقی سوێندخواردنی کابینەی وەزیران کرد و، هەموو وەزیرە کوردەکانیش، بێجگە لە دوکتۆر "بەرهەم ساڵح"، نەچوون خۆیان جیابکەنەوە لێی، بەڵکو ئەو سوێندە درۆیەیان خوارد بۆی و، مێش میوانیان نەبوو، ئێستە، پاش ئەم هەموو تاقیکردنەوە تفت و تاڵە و، پاش ئەوەی ژمارەی ئەندامەکانی پارلەمانتارە شیعەکان گەیشتووەتە ١٢٧ و کوردیش بووە بە ٥٣ و بیست و چواری کەمکردەوە، تازە بەخێرێ، بیر لە لابردنی جەعفەری دەکەنەوە، ئەمە لەکاتێکدا، کە مەلا سیستانی و فەقێ موقتەدا سەدر، پشتگیریلێدەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، خوا بکا ئەم داخوازییە، کە نێویاننا وە "هێڵی سوور"، هەتا سەربێ و، وەرگکرتنی زارۆکانە نەبێ و، وەک "هێڵە سوورەکان"ی لەمەوبەری بەسەر نەیەت.

کوردستان، بە سەردەمێکی یەکجار ترسناکدا تێدەپەرێ، کە مان و نەمانی کوردی پێوەیە. گەلێک دوژمن، دانیان تیژ کردووە لە کورد و، چاوەروانی کشانەوەی لەشکری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەکەن، کە رەنگە ئەوەش زووتر رووبدا لەوەی باسدەکرێ. عێراقچێتیی لەتامبەدەری کاربەدەستانی کورد، کە ئەوەتە بەرێزێکی وەک کۆسرەت رەسووڵ، کە ئەندامێکی بالای سەرکردەیەتیی ی.ن.ک. ە، بێپەروا دەفەرموێ: "ئێمە (حیزبەکەی: ج.ن) بەرژەوەندیی گەلی عێراق لەسەروو بەرژەوەندیی گەلی کوردەوە دادەنێین"رۆژنامەی "الاتحاد"ی ئیماراتی ٩/٢/٢٠٠٦ .پێشمووایە قسەکەی زۆر راستە و، ئەم